# سیستمی پەروەردە لە کوردستان حەز و تواناکانی گەنج ژێر گڵ دەکات




هەریەک لە ئێمە بە منداڵی خەونێک ژینی پەروەردە دەکات و گشت هەنگاوێکی تەمەن بۆ هینانەدی ئەو خەونەی دەخاتە گەڕ، گەر گشتمان ئێستا بێین و چەن ساتێک چاوەکانمان لێک بنێین و بیریَ لە ساتەکانی منداڵیمان بکەینەوە، ئەوا دەبینین هەرهەمومان، هەژار بوبین یان زەنگین، نەخۆش بوبین یان نا، باوک و دایکمان هەبوبێت یاخود نا، گشتمان خەونێکمان هەبوە، خەونێک بۆ داهاتو.

زۆر کات لە خۆمان پرسیار کراوەو خۆشمان لە مداڵانمان پرسیوە: (کە گەورە بوی حەز ئەکەی ببیت بە چی)؟

تەماشاکەن، ئەم پرسیارە چۆن منداڵێک دەفرێنێ بۆ داهاتو، چۆن ئەو منداڵە چی هزر و هۆشیەتی بۆ بینینی خۆی بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت بەکار دێنێت.

یەکێ، دەڵێ دەمەوێ ببمە پزیشک، یەکی دەڵێ پارێزەر، ئەوی دی باخەوان و یەکێ پێشمەرگە و ئیتر زۆری دی.

گرنگ ئەوەیە هەریەک ئارمانجێک یاخود خەونێک لە دڵی لە دایک ئەبێت و لەگەڵ ڕێڕەوی ڕۆژگاردا پەروەردەی دەکات.

لەم وڵاتانەی ئەوروپا کاتێ دەبینم هەر لە منداڵییەوە، لە ساڵە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە چۆن هەوڵ دەدرێت ئاوی نەمامی ئەو خەونەی باخچەی دڵی منداڵ دەدرێت و لە گشت قۆناغەکاندا هانی دەدرێت و یاریدەی دەدرێت بۆ هێنانە دی خەونەکەی، خورپە بە دڵمدا دێت و بیری گەنجانی کوردستانم دەکەوێتەوە.

ئێمەی گەنجانی کوردستان خەون دەبینین، بەڵام کاتێ لە هێنانە دی نزیک دەبینەوە، دەست و چاومان دەبەستنەوەو لە هێنانەدی خەونی چەن ساڵەمان بێ بەشمان دەکەن.

چەن گەنج تەمەنی خۆی گشتی بۆ ئەوە تەرخان کردوە کە لە داهاتودا بێتە پزیشکێک و خزمەتی وڵات بکات، کەچی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریدا گەر چەن نمرەیەک کەمتر بینێ ئەوا دەبێت بچێتە کۆلیژیک کە لە ژیانیدا هەرگیز بیری لێ نەکردۆتەوە.

ڕۆژانە دەبیستین، دەخوێنینەوە یان دەبینین بۆ نمونە گەنجێ گشت ساڵەکانی خوێندنی بە نمرەی بەرز و پلەی یەکەم و (مەعفوی عام) تەواو دەکات و لە هینانەدی خەونەکەی نزیک دەبێتەوە و دەگاتە شەشی ئامادەیی ئیدی زانستی بێت یان وێژەیی، ئیدی چارەنوسی خەونەکەی دەبێتە قوربانی قەدەر و ناوچەوان،

چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی هەن کە ڕێ لەو گەنجە بگرن کە نمرەی دیاریکراو بۆ کۆلێژی خەونەکانی بەدەست بێنێ، ئاخۆ گوناهی ئەو گەنجە چی بێت کە نەخۆش بکەوێ؟ یان کێشەیەک لە خێزانەکەیدا بێتە ئاراوە؟ یاخود خوانەخواستە کەسیکی نزیک لە دەست بدات و خەم نەهێڵێ تاقیکردنەوەکان بە پێی پێویست ئەنجام بدات؟

زۆر سەیرە لام، ئەم سیستەمە حەزکوژ و تواناکوژەی پەروەردەی کوردستان تاکەی پەیڕەو دەکرێت؟ ڕێژەی دەرچوانی خوێنداکارانی کوردستان ساڵ بە ساڵ کەم دەبێتەوە بەهۆی ئەم سیستەمەوە،

گەنج لە خوێندن سارد دەبێتەوە چونکە دڵنیا نییە کە هەوڵ و تێکۆشانەکەی بە هێنانەدی خەونەکەی پاداشت بدرێتەوە.
بەڵێ گەنج بێزارە. بێزارە لە زیندەبەچاڵ کردنی ئاواتەکانی، بێزارە لە ژیانی.
ئاخر تاکەی؟ تاکەی دەستەڵات تەماشای ئەنفال کردنی خەون و تواناکانی گەنج دەکات؟
با سەیر نەبێت لامان، کە لە وڵاتی ئێمەدا داهێنەر نییە یاخود زۆر کەمە.
وەرن با خۆمان لە خۆمان بپرسین، گەر یەکێ بە زۆر پێمان بڵێ هەستە چایەک لێنێ یاخود هەستە چیرۆکێ بنوسە، ئاخۆ چۆن بیکەین؟
جا وەرە کەسێ هەر لە منداڵییەوە بۆ هێنانەدی خەونێک بژی و بیەوێ لە پیشەیەکی دیاری کراودا کار بکات بۆ نمونە خوێندکارێک گشت تەمەنی خۆی بە پارێزەرێک بینیوە و ویستویەتی داهێنان لەو بوارەدا بکات، کەچی لە کۆتاییدا کۆلێژی دارایی وەری دەگرێت...!!!
دە بڕوانن، ئەو گەنجە چۆن دەڕوخێت، چۆن خەونە زیندووەکانی لە پێش چاوی ژێر گڵ دەکرێت..!
ئاخۆ ئەو گەنجە چۆن بە ئارەزو بچێت بۆ کۆلێژ و هەوڵ بدات بۆ خوێندن؟ کە زانکۆی تەواو کرد، بە چ دڵێک دەست بە کار دەکات؟
دەڵێن گەنج بۆ کۆچ دەکات؟ لای من ئەم پرسیارە زۆر بێ واتایە، چونکە هۆکانی کۆچ کردنی گەنجانی کوردستان بۆ ڕۆژئاوا زۆر ڕونن.
گەنج چی لە وڵاتێک بکات کە خەونی تەمەنی شەهید بکات؟ گەنج چی لە وڵاتێک بکات کە نەتوانێ تێیدا بە ئازادی باس لە کێشەو نەهامەتیەکانی بکات؟
لە هەموشی گرنگ تر، دەبینیت گەنجی لەبەر چرا تا نیوەی شەو شەونوخونی پەرتوکەکانی بوە بۆ ئەوەی ئەو نمرەیە بەدەست بێنێ کە خەونەکەی خۆی پێ بکڕێ، کوڕێ یان کچە دەستەڵاتدارێکیش لە کەیف و سەفای خۆیەتی و بە نامەیەکی (واستە) لە هەمان کۆلێژ وەردەگیرێت!!
یاخود با بڵێین منداڵی شەهید و ئەنفال کراوەکان لەسەرسەرمان، بەڵام گوناه نییە بە بێ ئەوەی هەوڵی دابێت و وەک کەسێکی دی حەزەکانی خۆی کوشتبێ لەبەر خوێندن لە هەمان کۆلێژ وەربگیرێت؟ گەر ئەتانەوێ یارمەتی ئەو کەسانە بدەن، ئەوا بەم شێوەیە نابێت، مافی گەنجێک مەخۆن بە ناوی یارمەتی ئەو کەسانە،
دە ئیتر ئاخر گەنج چی لە وڵاتێ بکات کە جیاوازی نێوان مرۆڤی تا ڕادەیەکی سامناکی لەم شێوەیەی تێدا بەرچاو بکرێت؟
لە لایەکی دیکەوە گەندەڵی لە وڵاتی ئێمەدا هێند ڕەنگدانەوەی هەیە کە گەر بیری لێ بکەینەوە سەیرمان لێ دی کە لەسەدەی بیست و یەکەم و تەکنەلۆژیادا لای ئێمە کەسانێک بە پارە شەهادە دەکڕن و دەخرێنە جێگایەک کە شایستەیان نییە، یاخود لەبەر ئەوەی کەسێ لە یەکێ لە وڵاتانی ئەوروپا دەگەڕێتەوە کوردستان و دیپلۆمێ/ شەهادەیەکی پێیە. بێ ئەوەی لیکۆڵینەوە لەو بەڵگەنامەیەی بکرێت دەخرێتە جێگایەک کە شایستەی نییە ئەمەش لە خودی خۆیدا دەبێتە تێکدانی ئەو پیشەیەی کە پێی دەسپێردرێت و لە هەمان کاتدا خواردنی مافی کەسانی شایستە بەو شوێنە یاخود ئاستە، دە ئاخر پێمان نالێن گەنج بۆ لە وڵاتێکدا بژی کە گەندەڵی و واستە و دەستەڵات تێیدا مافەکانی بخوات؟
دە با ئێمەی گەنجان دەنگمان یەک بخەین و هەوڵ بدەین کە گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەدا بکرێت و پێشنیار و بۆچونەکانی خۆمان لەم بارەیەوە بدەین.

به بۆچونی من گۆڕانکاری له سیستمی پەروەردەدا دەبێت هیچ نەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا ڕەچاو بکرێت:

1- لێدان و توندو تیژی مامۆستا بەرامبەر بە خویندکاران بە هیچ جۆریک نەمینیت و ئەو مامۆستایانە سزا بدرێن کە توند و تیژی بەرامبەر خویندکاران بەکار دێنن.

2- لە هیچ شوێنێک هەمو کەسێک وەک یەک زیرەک نییە، بۆیە پیویستە کە مەنهەجی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە درەنگ تێدەگەن و دەبێت پلە و پۆلەکەیان جیاواز بێت.

3- گۆڕانی مەنهەج لە دوای تێپەڕبونی چەند ساڵێکدا، واتە ڕوداو و لیکۆلینەوە و داهینانە نویکان بخرێنە ناو مەنهەجەوە هەر چەن ساڵ جارێک، وە شارەزایی کردنی خویندکاران هەر لە سەرەتاوە بە جوگرافیا و مێژوی کوردستان. (لە بری کێشانی نەخشەی عیراق لە تاقیکردنەوەکاندا با خوێنداکار نەخشەی کوردستان بکێشێت)

4- خوێندکارێک ساڵێکی دور و درێژ دەخوێنێت و تاقیکردنەوە دەکات و نمرەی باش بەدەست دینێ، دەبا ڕێژەیەک لە نمرەی کۆتایی ساڵ بخرێتە سەر نمرەی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری و دواتر دابەش بکرێت.

5- پێویستە دەرچوانی پەیمانگاکان گشتیان ڕێیان پێ بدرێ کە بەردەوام بن و بچنە قۆناغەکانی زانکۆوە نەک بە تەنها 10 کەسە دیاری کراوەکە (عەشرە ئەل ئەوائل)

6- ئەو نمرەیەی کە دادەنرێت وەک مەرجێک بۆ وەرگرتنی خوێندکارێک لە کۆلێژێکی دیاری کراودا با ڕێژەیی بن، بۆ نمونە کۆلێژی ئەندازیاری ئەمساڵ 85 ی دانا بۆ وەرگرتنی خوێندکاران بۆ کۆلیژەکە بەڵام خوێندکار هەیە 84 یاخود 83 ئەهێنێت، بۆچی داهاتوی بسوتێندرێت و بیخەنە کۆلێژی زانستی بۆ نمونە؟

کەوا بێت با نمرەکان ڕێژەیی بن.

7- با لە کوردستانیش تاقیکردنەوەیەک هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان 21 ساڵ و بەرەو ژورە، و بۆ نمونە لە بەکەلۆریدا دەرنەچوە یاخود لە کۆلێژێکە کە بە دڵی خۆی نییە، تا بتوانن تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدەن کە توانای ئەو کەسە دەربخات کە ئایا شیاوە بۆ ئەو کۆلیژەی کە دەیەوێ یان نا، بۆ نمونە خوێندکارێک بێ ڕەزامەندی خۆی لە کۆلێژی ئەندازیاری وەرگیراوە وە دەیەوێت بچێت کۆلیژی پزیشکی بخوێنێت، با کۆلێژی پزیشکی تاقی کردنەوەیەکی بداتێ و گەر لەو تاقی کردنەوەیەدا سەرکەوت با ڕێی پێ بدرێ کە بچێتە کۆلێژەکەوە.

بێگومان تاقی کردنەوەکە دەبێت هەنێ شتی سەرەکی سەر بە خوێندنی کۆلیژەکەی تێدا بێت. (لە وڵاتی هۆڵندا بەم تاقی کردنەوەیە دەگوترێت تولاتینگس ئێکسامن وە بۆ هەمو کەسێکە کە تەمەنی 21 ساڵ و بەرەوژور بێت).

زۆر پرسیار هەن، کە لە دڵی یەک بە یەکی گەنجانی وڵاتەکەمدا وەک و شەمێ کز دەسوتێن، بەڵام من بەر لە کۆتایی هێنان بەم ڕاپۆرتە ڕو دەکەمە وەزارەتی پەروەردە و دەستەڵات و حکومەتی هەرێم و دەڵێم:

ئیدی بەسە، چاوێک بە داهاتوی کوردستان و گەنجاندا بگێڕن و سیستمی پەروەردەی کوردستان بە زوترین کات بگۆڕن، با چیدی توانا و داهێنان و حەز و خەونەکانی تاجەگوڵینەی کۆمەڵگا (گەنج) ژێر گڵ نەکرێن.

داهێنان و توانای گەنج یاخود خوێندکار بەو نمرانە نییە کە هەنی کات شانس بۆی دێنێ، نا،

**تواناى گەنج و داهێنانى كاتێک دەبینرێت كە بە دڵى خۆى لە بوارێكدا بخوێنێت و كار بكات.**

**كانى هەڵەبجەیى**
**هۆڵندا**
Kani_awin@hotmail.com